# Bar

ئەم ووشەیە ووشەیەکی ئنگلیزییە ، کە لە زمانی کوردیدا بە واتای ( خانە ) دێت دیارە هەموو ئاوازو میلۆدییەکی موزیکیی هەڵگری کێشێکی موزیکییە کە ئەم کێشانە بە ژمارە پیشان دەدرێن وە لەسەرەتای نۆتە موزیکییەکەدا دەنوسرێن لە ( ئارماتۆرا ) یاخود ( شوناسی نۆتە موزیکییە ) کەدا ، دیارە ئەم کێشە موزیکییانە زۆر جۆریان هەیە بۆنمونە کێشەکانی ( دووانی،سیانی،چواری...) لێرەدا لە کاتی نۆتاندنی ئاوازێکدا پێوستە نۆتەکانی ئاوازەکە بە پێی کێشەکە بەسەر چەند ( خانە ) یەکی موزیکیدا دابەش بکرێت ، کە هەریەک لەو خانانە کۆی نۆتە موزیکییەکانی ناوی جۆری کێشە موزیکییەکە پیشان دەدات ، بۆیە ووشە ی(Bar)یا ( خانە ) بە شێوەیەکی گونجاو ڕەزم و کێشی موزیکیی ئاوا زەکە ڕادەگرێت ، وە بۆ جیاکردنەوەی خانەکان لە یەکتری لە نێوان هەر خانەیەک بۆ ئەوی تەنیشتی هێڵێکی ستوونی هەیە کە بە ( هێڵی خانە ) یا ( Bar Line)ناودەبرێت . زۆر جار لەهەندێک لە زمانە کانی تری دنیادا لە بری ووشەی(Bar) ووشەی ( مازۆر ) یا (Mesure)بەکاردێت بە هەمان مانا . ئەگەر بە ووردی بڕوانیتە نمونەی نۆتە کە کە لەکۆی ( چوار ) خانە پێکهاتووە ، خانەکان و هێڵی نێوان خانەکان بەڕوونی دیارە .

Muzic-Chrakan
2005